# فرۆشتنی ئۆتۆمبیل لەبازاڕی مەزاددا بەبێ ئاشکراکردنی کەموکورتیەکانی

[ kurdish – کوردی – كردي ]


**شێخ سلێمان ماجد**

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2014 - 1435

IslamHouse.com

# بيع السيارة في المزاد دون بيان العيوب

« باللغة الكردية »

## الشيخ سليمان الماجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# فرۆشتنی ئۆتۆمبیل لەبازاڕی مەزاددا بەبێ ئاشکراکردنی کەموکورتیەکانی

ئەم پرسیارە ئاراستەی شێخ سلیمان الماجد کراوە :

**پرسیار:** یا شێخ من دەمەوێت کە ئۆتۆمبیلەکەم بفرۆشم لە بازاڕی مەزاددا ( الحراج ) و هەندێك عەیب و کەموکورتی تێدایە، سیستەمی بازاڕی مەزاد و حیراجیش چاوبەستی و فرووفێڵی تێدایە، ئایا من هیچ گوناهبار دەبم ؟ وە هەندێك ووشە بەکاردەهێنن لەکاتی فرۆشتنیدا وەك ئەوەی دەڵێن (ئەمە پارچە ئاسنێکە ) یان ( وەك شەکر وایە لە ئاودا ) واتا : من بەرپرس نییم لەهیچ عەیب و کەموکورتیەکی.

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

دروست نییە هیچ کاڵایەك بفرۆشێت ئەگەر ئەو عەیب و کەموکورتیەکانەی تێیدایە باس نەکرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو فرۆشیار ووتی بە کڕیارەکەی چاك تەماشای بکە و لێی وورد ببەرەوە، داوای من بەرپرس نییم لە هیچ عەیب و کەموکورتیەکی، لەم بارەیەوە زانایان سێ ڕای جیاوازیان هەیە :

ڕای یەکەم : ئەگەر بەو شێوەیە فرۆشیار کاڵاکەی فرۆشت بە کڕیار ئەوە پاشتر لەهیچ کەموکورتیەکی ئەو کاڵایە بەرپرس نییە، ئەمەش ووتەی مەزهەبی ئەبو حەنیفە و ڕایەکی ئیمام ئەحمەدیشە .

پاساوی ئەم ڕایەشیان بەوە دەهێننەوە، کە دەڵێن، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : ((المسلمون على شروطهم)) واتا : موسڵمانان پابەندن بەو مەرجانەی کە دایدەنێن.

وە ووتوشیانە ئەمە ڕای هەریەك لە زەیدی کوڕی ثابت و عەبدوڵڵای کوڕی عومەرە ( خوایان لێ ڕازی بێت ) .

ڕای دووەم : فرۆشیار تەنها لەو عەیب و کەموو کورتیە بەرپرس نییە کە باسی کردووە بۆ فرۆشیارەکەو بۆی ڕون کردەوەتەوە، بەڵام ئەو عەیب و کەموکورتیانەی کە بۆی باس نەکردووە بەرپرسە لێی، پاساوی ئەم ڕاییەشیان بەوە هێناوەتەوە، ووتویانە : بەرپرس نەبوون لە هەموو عەیب و کەموکورتیەك شتێکی نادیار و مەجهولە، چونکە هەندێك عەیب وکەموکورتی هەیە بچوکە و کاریگەری نابێت لەسەر مامەڵەکە، بەڵام هەندێك کەموکورتی گەورە هەیە کاریگەری بنەڕەتی وگەورە دروست دەکات لەسەر مامەڵەکە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا جەهالەت و نادیاری و ( غەرەرە )، و غەرەریش لەهەر مامەڵیەکدا هەبوو ئەو مامەڵەیە دروست نییە .

ڕای سێهەم : فرۆشیار بەم ووتەیەی بەرپرس نابێت لەو عەیب وکەموکورتیانەی کە لەکاتی فرۆشتنی ئۆتۆمبیلەکەیدا بێ ئاگا بووە لێی و پێی نەزانیوە، بەڵام ئەو عەیب و کەموکورتیانەی کە ئاگادار بووە پێی، بەرپرسە لێی و ( بەری ) نابێت لێی، ئەمەش ڕای مەزهەبی مالیکی و ڕایەکی ئیمام ئەحمەد و شێخ الاسلام ابن تیمیەش ئەم ڕایەی پەسەند کردووە، بەڵگەشیان بۆ ڕاکەیان بەوە دەهێننەوە، دەڵێن : بێ دەنگ بوون لە و عەیبانەی کە لەناو کاڵای فرۆشیاودا هەیە فرووفێڵ وغەش کردنە، غەش کردنیش پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بە فەرموودەی صەحیح ڕێگری لێ کردووە و فەرموویەتی : (( من غش فليس منا )) واتا : ئەوەی فرووفێڵ و غەش بکات لە کڕین وفرۆشتندا لە ئێمە نییە، بەڵام ئەو عەیب و کەمووکورتیانەی کە پێی نازانێت فرۆشیار بە غەشکار دانانرێت .

هەروەها ئیمامی عوسمانیش ( خوای لێ ڕازی بێت ) بەم شێوەیە قەزاوەتی کردووە لەم مەسئەلەیەدا .

بەراوردکردنیش لە نێوان هەر سێ ڕاکەی پێشوودا، ئەوە دەردەکەوێت ئەوانەی کە ڕێگری دەکەن لەم جۆرە مامەڵەیە و بە غەشی دادەنێن، خۆی لەخۆیدا تێرامانێکی دەوێت، چونکە فرۆشیار لای خۆیەوە بەرپرسیار نەبوونی خۆی ڕاگەیاندووە لەهەرچی عەیب و کەمووکورتیەك هەیە، بەمەش عوهدە و زیمەی

خۆی لە ڕوونکردنەوە وئاشکراکردنی عەیبی کاڵاکەی گواستوەتەوە بۆ حەز وئارەزووی کڕیاری کاڵاکە، بۆ ئەوەی ئەویش بە ئارەزووی خۆی چاك تەماشای بکات، لێی بکۆڵێتەوە، یان دابنێت خراپترین عەیب وکەمووکورتی تێدایە، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین : فرشیار بە غەشکار و فروفێڵچی دادەنرێت ئەگەر نەیوت من ( بەرپرس نیم لەهەرچی کەموکورتیەك هەیە ) و پاشان بیدەنگیش بووە لەو کەموکورتیانەی کە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر کاڵا فرۆشاوەکە .

ئەمجا دەڵێن : ئەم جۆرە مامەڵەیەش خەڵکی پێویستیان پێی هەیە، وە زۆربەس کاڵا و ئەو کەلوپەلانەشی دەفرۆشرێن بەتایبەتی وەك ئۆتۆمبیل کە پارچە و بەشی زۆرە و وعەیب کەمووکورتیان تێ دەکەوێت، لەوەش زیاتر ئۆتۆمبیلی بەکارهاتوو و کۆن بوو زۆر نارەحەتە مرۆڤ بتوانێت عەیب وکەموو کورتیەکانی بە تەواوی دیاری بکات، خەڵکیش فێربوون لە ژێر سەودا و دەنگ و هاواری دەلاڵەکاندا ئەم جۆرە ئۆتۆمبیلانە دەکڕن بە پارەیەکی کەم بۆ ئەوەی جوڵەی کڕین وفرۆشتن ئاسان بکرێت.

هەندێکیش لەسەر ڕای یەکەم ووتویانە : گرێ بەستێکی لەو شێوەیە غەرەر و نادیاری تێدایە و وەك قومار کردن وایە، لەڕووی ئەوەی کە نادیارییەك هەیە لە نێوان ئەو کاڵا عەیبدارە وئەو

نرخە هەقیقیەی کە ئەگەر بێتو بێ کەمووکورتی بێت لە هەموو عەیب و عارێك، یان مانەوە لەسەر ئەوەی کڕیار ئەگەر هەر عەیب و کەموو کورتیەکی تێدا بەدی کرد سەرپشك بێت وبۆی هەبێت کاڵاکە بگەڕێنێتەوە بۆ فرۆشیار .

لە لایەکی تریشەوە وەڵامی ڕای سێهەم دەدنەوە، و دەڵێن : ئەگەر بێتو ئەمە دروست بێت، ئەوا هەڵوەشێنەرەوەی هەردوو ڕاکەی ترە، بەڵام ڕووی لەوان نییە، چونکە جەهالە و نادیاری لەم جۆرە حاڵەتانەدا چاوپۆشی لێکراوە، ڕوون و ئاشکرایە پێوانەی ئەو نادیاری و غەرەریش کە چاوپۆشی لیکراوە لە لایەن زانایانەوە، ئەوەیە نابێت هێندە بێت کە باڵ بکێشێت بەسەر گری بەستەکەدا، واتا : عەیب و کەموو کورتیەکی وا گەورە نەبێت کە کڕیار خۆی بە ماف خوراو بزانێت لەو مامەڵەیەدا، بۆنمونە وەك نادیاری و غەرەر لە جۆری ئەو ئۆتۆمبیلەی کە دەیکرێت، یان نادیاری و غەرەر لە ساڵی دروستکردنەکەی، یان نادیاری لە ئەندازەی بەکارهێنانی ئەو ئۆتۆمبیلە لەوەتەی دروستکراوە، ئەگەر هاتوو نادیاری و غەرەرەکە بەم شێوەیە گەورە نەبوو، ئەوا نابیتە هۆی ڕێگری لە دروستی ئەو مامەڵەیەدا .

ئەوەی باسکرا لەو گفتوگۆیەی کە ڕابوورد، ئەوەیە ئەو مەرجانەی دا دەنرێت لە نیوان کڕیار وفرشیاردا لە شەریعەتدا جێگای

ئیعتبارە، -مەگەر مەرجێك حەڵاڵێك حەرام بكات، یان حەرامێك حەڵاڵ بكات- ئەوەش بزانن ئەوەی باسمان كرد لە ڕاستی و دروستی ئەم جۆرە مامەڵانە ڕای هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوایە (صلی اللە علیە وسلم )خوایان لێ ڕازی بێت، ئەوەش كە عوسمان ( خوای لێ ڕازی بێت ) قەزاوەتی پێكردووە، بۆ ڕووداوێكی دیاری كراو بووە، لەبەر ئەوە ئەوەی كە بەلای منەوە لە هەموو ڕاكانی تر پەسەندە ڕای یەكەمە، ئەویش ئەوەیە دروستە فرۆشیار بە كڕیاری كاڵاكەی بڵێت ئەوە كاڵاكەیە لەبەر دەستدایە چاك تەماشای بكە و پشكنینی بۆ بكە، ئەگەر بەدڵتە ئەوە من بەرپرس نییم لەهیچ عەیب وكەمووكورتیەكی ئەم ئۆتۆمبیلە، هەركاتێكیش گرێبەستەكە لە نێوانیاندا تەواو بوو، ئەوا لەسەر كڕیار واجبە قبولێ بكات، بەهیچ شێوەیەك بۆی نییە لەكاتی بینینی هەر عەیب و كەمووكوڕییەك بگەڕێتەوە بۆلای فرۆشیاری ئۆتۆمبیلەكە و بڵێت ئۆتۆمبیلەكەت عەیب و كەمووكورتی هەیە، چونكە لە پێشتر پێی ڕاگەیاندووە، من بەو مەرجە دەیفرۆشم .

خوای گەورەش زاناترە و صەلات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت و سەرحەم شوێنكەوتوانی بێت .

سەرچاوە : ماڵپەڕی ( المسلم ).